من وهەتیوێک لە ماڵمان نوێژمان کرد لە پشتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، ودایکم ئوم سولەیم لە پشتی ئێمەوە بوو

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «من وهەتیوێک لە ماڵمان نوێژمان کرد لە پشتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، ودایکم ئوم سولەیم لە پشتی ئێمەوە بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری وە لەفزەکە هین بوخاریە]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی کرد بۆ ئەنەس وهەتیوێک، وئەوان لە پشتی پێغەمبەرەوە بوون -صلى الله عليه وسلم-، وهەروەها ئەنەس باسی ئەوە دەکات کە دایکی کە بە (ئوم سولەیم:دایکی سولەیم) بانگ دەکرێت -ڕەزای خوای لێبێت- لە پشت ئەوانەوە نوێژی کرد، بۆیە ڕیزەکان بەم شێوەیە بوون: شوێنی ئیمام -پێشنوێژ-: لە پێشەوەی هەموویانەوە بوو. شوێنی منداڵەکان: لە ڕیزی دووەم لە پشتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-. شوێنی ئافرەتەکە: لە پشتی منداڵەکانەوە لە ڕیزی سێیەم.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11301